وەنەوشە لە فەرەنسا بووە رەمزی وەفاداری !                                         ئا :سیروان رسول

وەنەوشە ( violet ) گولێکی وردیلەی مۆرە ،رووەکەکەی ساڵ دوازدەی مانگ سەوزە ،بەلاّم لە وەرزی زستاندا پتر گەشە دەکات و گولْ دەردەکات 0 ئەو گولاّنەشی لەکۆنەوە بوونەتە رەمزی خۆ شەویستی و دلْداری0وەنەوشە لە ژیانی گەلێك لە ناودارانی جیهان دەورێکی تەواوی گێراوە ،هەربۆیە دەبینین یەکێك لە سەرکردە مێژوویەکان کە تاوەکو ئێستاش ناوی بە نەمری ماوەتەوە عاشقێکێکی سەرسەختی وەنەوشەبووە 0 ئەویش( نا پلیۆن پۆنا پەرتە ) ، کە گولی وەنەوشە لەلای لە هەموو گولێکی تر جوانترو پەسندتر بووە ،چونکە دەیگوت :( وەنەوشە رۆژانی رابردووی سەردەمی منداڵیم لە دارستانەکانی دوورگەی کۆریسکای زاینگەم بیر دەخاتەوە ) 0 کاتێکیش ( جۆزفین ) ی ژنی گواستەوە لەجیاتی نوقل ، وەنەوشەبارانی کرد 0

کاتێکیش کە نا پلیۆن شکستی هێنا و لە ساڵی 1814 بۆ دورگەی ئەلبا دورخراوەیە ، وادەی بە لاوانی فەرەنسادا کە لەگەڵ وەرزی پشکوتنی گوڵی وەنەوشە بگەرێتەوە فەرەنسا! خەڵکەکەش کەوەنەشە پشکووت ،هەرکەسە تەلێکی لە لەو گوڵە بەدەستەوە دەگرت و بە چپە بە یەکتریان دەگووت( دەگەرێتەوە! ) واتا : نا پلیۆنی خۆشەویستیان لە ( ئەلبا ) دەگەرێتەوە و شان و شکۆی فەرنسا دووبارە بەرز دەکاتەوە 0 وابوو نا پلیۆنی خۆشە ویستی لاوانی فەرنسا لەوەرزی گوڵی وەنەوشەدا گەرایەوە و هەموو فەرنسا ناردبووی بیگرن، چونە ژێر ئالاّکەی و لە مەرسیلیاو وە بەرەو پاریس چوون و مەلیك رایکردوە نا پلیۆن بووەوە بە ئیمپراتۆرەکەی جاران و ئەو چە پکە وەنەوشەیەی بەدەستییەوە گرتبوو لە بەردەمی خۆی لە کۆشکی شاهانە لەناو گوڵدانێکی دانا0

کە نا پلیۆن لە ساڵی 1815 دا لە جەنگی واتەرلۆ بۆ دواجار شکاو گیراو بەر لەوەی بنێردرێ بۆ دورگەی سێنت هێلانە داوای کرد رێی بدەن چە پکێك وەنەوشە لەسەر گۆری ( جۆزفین ) ی هاوسەری کۆچکردوی دابنێ 0 کەنێردراش بۆ ئەو دورگەیەی ناو دەریای ئەتلەسی هەموو ساڵێ لەوەرزی پشکوتنی گوڵی وەنەوشە چە پکێکی گەورەی لەو گوڵە لەسەر مێزەکەی دادەنا 0 کە لەساڵی 1821 کۆچی دوایی کرد بینیان رشتەیەکی هۆنراوەی لەگوڵی وەنەوشە دروستکراو لەسەر گۆرەکەی دابنێن 0لەدوای نەمانی نا پلیۆن وەنەوشە لە فەرەنسا بووە ڕەمزی وەفاداری و وادە بەجێگەیاندن و تاکو ئێستاش میللەتی فەرەنسا بایەخێکی زۆر بەو گوڵە دەدات0